# کۆمیتەی ئاشتی کوردستان یەکێک لە کاردانەواکانی کوردستانیانی دەرەوەی وڵاتە

**بێکەس بەرواری : هیوادارین کوردستانیان بە شیوەیەکی چالاکانە پشتگیریمان لیبکەن وە بەتایبەت بەشداری لە خۆپێشاندانی ڕۆژی شەممە ڕیکەوتی 3 ی 11 دا بکەن لە ناوەندی ساری ترۆندهایم**

**سازدانی دیمانە – زانا گەلاڵی / نەرویژ**

لە دوای هەڕشەکانی تورکیا و گرژی بارودۆخ لە نیوان کورد وتورکیا کوردستانیانی دەرەوەی وڵات بە شیوەیەکی یەکگرتوو بەرچاو هەڵویستیان وەرگرت وە کاردانەوەی بەرچاویان هەبوو ، توانیان تاراڕدەیەک پشتیوانی بۆ کوردستانیان بەدەست بێنن ، شێوەی کاردانەوەکان جیا جیا بوون یەکێک لەو کاردانەوانە خۆی لە دامەزراندنی کۆمیتەیەک بینییەوە کە بۆ ئامانج و مەبەستی دیاری کراو پێکهینراوە ئەویش کۆمیتەی ( ئاشتی کوردستان )ە لە ناوەڕاستی نەرویژ وەچەند ڕۆژیک لە دوای دامەزراندیان توانیان پەیوەندی و پشتگیریەکی بەرچاو بەدەست بێنن وە میدیای نەرویژی گرنگیەکی پێداوە بۆیە بەپێویستمان زانی چاوپێکەوتنیک لەگەڵ خاوەنی بیرۆکەی دامەزراندن و دەستپێشخەری ئەم کۆمیتەیە ئەنجامبدەین ئەویش کاک ( بێکەس بەرواری )ە

زانا گەلاڵی : مەبەستتان لە دامەزراندنی کۆمیتەی ئاشتی کوردستان چیە ؟



**بێکەس بەرواری :** کۆمیتەی ئاشتی کوردستان کۆمیتەیەکی فریا کەوتنە کە پێکهێنرا وەک پێداویستیەک بۆ بارودۆخی ئەمرۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و هەرهەڕەشەیەک بۆسەر کوردستانیان بەتایبەتی .هەوڵەکانمان هەمووی دەخەینە گەڕ لە پێناوی بەدەست خستنی پشتگیری زیاتر بۆ دۆزینەوەی چارەسەریەکی ئاشتیانە و دیموکراسیانە بۆ کێشەی نیشتیمانەکەمان وە ئەمرۆ بابەتی هەرە گرنگ کە کاری لەسەر دەکەین دەربرینی ناڕازیبوونە بەرامبەر بە هەڕەشەکانی تورکیا و وڵاتانی تر بۆسەر کوردستانیان بەگشتی و باشوری کوردستان بەتایبەتی وە ڕوونکردنی ڕاستییەکان زۆرجار دەشێوێنرێت

زانا گەلاڵی : پێکهاتەی کۆمیتەی ئاشتی کوردستان چیە ؟ئایا لەلایەن چەند کەسایەتیەکەوە پێک هاتووە یان چەند گرووپێک ؟

**بێکەس بەرواری :** دوای گرژبوونی بارودۆخەکە لە کوردستان زیاد بوونی هەڕەشەکانی تورکیا بە پێویستمان زانی کە هەموو هێزە کوردستانیەکان بە کۆمەڵەو ڕیکخراو پارتەسیاسیەکان وکەسایەتیە سەربەخۆکانی هەرچوار پارجەی کوردستان لە ناو یەک کۆمیتەدا کاری هاوبەش بکەن بۆیە ئێمە وەک کۆمەڵەی ئاشتی کوردستان پەیوەندیمان بە هەموو لایەنکان و کەسەیاتیەکانەوەکرد وە دوای گفت و گۆیەکی زۆر بیرۆکەی دامەزراندنی ئەوکۆمیتەیە پەسەندکرا .وە هەموو پارتە سیاسیەکان وکۆمەڵەوڕیکخراوە کوردستانیەکان جێیان گرت لە ناو ئەم کۆمیتەیەدا .

**زانا گەلاڵی** : هیچ پارت و ڕێکخراوی نەرویژی لەگەڵتان بەشدارن ؟
**بێکەس بەرواری** : وەک پشتگیر تا ئێستا 2 پارتی نەرویژی و
ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤ پشتگیری خۆیان دەربڕیوە بۆ کارەکەمان ( یان ڤیند هایم ) دۆستی گەلی کورد و وتەبێژی فەرمی و ئەندامی سەرکردایەتی پارتی ژینگەی سەوز وەک ئەندامێک لەدەستەی بەڕێوەبەریدایە وە هەمان کات ڕاوێژکارە وە گروپی ڕاوێژکاری مافی مرۆڤ لە ناوەڕاستی نەرویژ بەهەمان شیوە وەک ڕاوێژکار پشتگیریمان لێدەکات وە پارتی سۆسیالیستی چەپ پشتگیری خۆیان دەربڕیوە .

**زانا گەلاڵی** : ئێوە وەک کۆمیتەی ئاشتی چیتان لە بەرنامەدایە ؟
**بێکەس بەرواری** : دوای دەست بەکار بوونی ئەم کۆمیتەیە وە دابەشکردنی چالاکیەکان بەسەر 3 بەش بەشی یەکەم پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵە نەرویژیەکان بەشی دووەمیش پارت و ڕێکخراوو کوردستانیان و نەتەوەکانی تر کە لە ناوچەکە دەژین بەشی سێهەمیش بەشی ڕاگەیاندنی کوردستانی وە نەرویژی سەبارەت بە بەشی یەکەمەوە نامەیەکی تێرو تەسەل سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان و هەڕەشەکانی تورکیا وە پێشنیار بۆ چارەسەری ئاشتیانە ئاڕاستەی زۆربەی دام و دەزگای نەرویژی کراوە بۆ نموونە سەرۆک وەزیرانی نەرویژ پەرلەمانی نەرویژ زۆربەی هەرەزۆری پارتە سیاسیەکانی نەرویژ هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان لەسەر ئاستی وڵات و لەسەر ئاستی نەوچەکە هەروەها بۆ هەموو ئەندامانی شارەوانی ترۆندهایم وە چەندین دۆستی کورد لە ناو پارت و ڕێکخراوە نەرویژیەکاندا هەروەها نامەکە بەدەست دراوە بەچەند ئەندام پەرلەمانێک لە دیدارێکی کورتدا کە بەسەردانێک لە ناوچەکە بوون . سەبارەت بە بەشی دووەم ئامادەکاریەکی باش کراوە بۆ خۆپیشاندانێکی جەماوەری کە ڕۆژی شەممەی داهاتوو کاژمێر دوانزەی نیوەڕۆ لە ناوەڕاستی شاری ترۆندهایم ئەنجامدەدرێت وە چاوەڕیی بەشداری کردنێکی باشی کوردستانیەکان و نەرویجیەکانین وە 3 پارتی نەرویژیش بە فەرمی بڕیاری بەشداری کردنیان داوە سەبارەب بەبەشی سێهەم هەمان نامە کە لەسەرەوە باسمان لێیکرد بۆ هەموو دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن نێردراوە وە ئەمڕۆ ڕۆژنامەی( ئادرێس ئاڤیسن ) چاوپێکەوتنیکی لەگەڵ کۆمیتەکەمان و سەفارەتی تورکیا ئەنجامداوە . بێجگە لە نامە نوسین و خۆپێشاندان بەرنامەی دیدارمان داناوە لەگەڵ پارتە سیاسیەکان لە ناوچەکە .

**زانا گەلاڵی** : بە نیازن لە ئاییندە کۆمیتەی ئاشتی کوردستان لە تەواوی وڵاتی نەرویج لق بکاتەوە؟
**بێکەس بەرواری** : لە ڕووی کارەوە هەر یەکەم چالاکیمان لەسەر ئاستی نەرویژ بوو بەڵام لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە ئێمە ڕیکخراوێکی سیاسی یان کلتوری نین تەنها کۆبەندێکین کە هەموو کوردستانیان بە لایەنی سیاسی و کلتوری و وڵات پارێزی لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە تەنها ئاشتی خوازکوردستانیەت کۆماندەکاتەوە بەڵام هیواداریین لەسەر ئاستی نەرویژ و ناوچەکان هەمان شیوەی کۆبەند پێکبهێنریت ئێمە لە خزمەت داین بۆ ئەنجامدانی کارێکی وا .

**زانا گەلاڵی** : جیاوازی چییە لەگەڵ کۆمیتەی هاوکاری پارتە سیاسیەکانی کوردستان ؟
**بێکەس بەرواری** : وەک دەزانرێت کۆمیتەی هاوکاری پارتە سیاسیە کوردستانیەکان زۆرینەی پارتە کورستانیەکان لە خۆ دەگرێت نەک هەموو پارتەکان وە زیاتر کاری سیاسی دەکات نەک کاری کلتوری وە هیچ کۆمەڵەو ڕێکخراوی کلتوری وە کەسانی سەربەخۆ لە کۆمیتەی هاوکاری جێناگرن وە تەنها پارتە کوردستانیان لەم کۆمیتەیە کاردەکەن ، بەڵام لە کۆمیتەی ئاشتی کوردستاندا پارت و ڕیکخراوی سیاسی کوردستانی و نەرویژی و کۆمەڵەو گروپی کلتوری کەسایەتی بێلایەن و بۆیان هەیە جێ بگرن لەم کۆمیتەیەدا چونکە ئەمە

کۆمیتەیەکە نەک ڕێکخراو وە جێگری هیچ کۆمیتەیەک و ڕێکخراوێکی تر  نییە لە نەرویژ وە تەنها کار بۆ ئاشتی و دیالۆگ دەکات .

زانا گەلالی : کۆمیتەی هاوکاری پارتە سیاسیەکان ڕیکخراوو  کۆمەڵە و  کلتوریەکانی لە خۆ نەگرت لە هەمانکاتتدا کۆمیتەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ولاتی نەرویژ دەست پێشخەر بوو بۆ کۆبونەوەی بەرەو کۆنفراسی دیالۆگی کورد  وە بۆ دامەزراندنی فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان دواتر  بەڕێزیشت  دەورێکی بەرچاوت هەبوو لەم دوو کارەدا وە هیواشت هەبوو کە فدراسیۆن بتوانێت ببێتە لۆبی کوردی لەنەرویژ بەلام لە کاتی دامەزراندنی فدراسیۆن کۆمیتەی یەکێتی نیشتیمانیی کاندیدی دەست نیشان نەکردبوو تەنها بەڕێزت تۆش ڕاتگەیاند کە وەک کۆمەڵەی ئاشتی کوردستان بەشداری نەک وەک یەکێتی لە یەکەم  کۆبونەوەش دەست لە کار کێشانەوەت ڕاگەیاند  هۆیەکەی بۆ چی دەگەڕێنیەوە ؟
**بێکەس بەرواری** : وەک دەزانرێت کە لە کۆمەڵگەی سڤیل و دیموکراتیکدا دەکریت هەر کەسێک بیەوێت لە کارو چالاکی سیاسی و جەماوەری کۆمەلایەتیدا بەشدار ببێت بەلام بەهیچ شێوەیەک ناگونجێت کەکارەکان تێکەلاوی یەکتر بکرێن یان جێگەی یەک بگرن من وەک کەسێک کە بیروبۆچوون و ئایدۆلۆژیای خۆمم هەیە وەک کەسێکی کوردستانی لە هەمانکاتدا سەرۆکی کۆمەڵەی ئاشتی کوردستانم کە کاری جیاوازە لە کاری پارتە سیاسیەکان لە هامانکاتیشدا پشتگیری تەواوی کاروچالاکیە کوردستانیەکان دەکاتن بەلام پرەنسیپی دامەزراندنی هەر فدراسیۆنێک پێویستی بە کۆمەڵەو ڕیکخراوی پەسەندکراو بەشیوەیەکی فەرمی لە نەرویژ هەیە وە لە هەمانکاتدا پێویستە ئەو کۆمەڵەو ریکخراوانە بەشیوەیەکی فەرمی وبە نوسراو داوای ئەندامەتی لە فدراسیۆنێک لەم شیوەیەدا بکەن وە بەرئەندامەتی خۆشیان بدەن ئەوکاتە ئەوکۆمەڵەو ڕێکخراوانە دەتوانن کۆنگرەیەک ببەستن فدراسیۆنێک دابمەزرێنن بەلام ئەوەی لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو ڕوویدا لە هەموو شتێکدەچوو تەنها لە کۆنگرەی کۆمەڵە کوردیەکان نەدەچوو وەک دەزانرێت  دوای ئەوەی کۆمیتەی هاوکاری پارتە سیاسیەکانی کوردستان کۆبونەوەیان کردو وتاریان خوێند من داوام لە کۆمیتەی هاوکاری کرد کە وەک میوان دانیشن بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەری بخەنە سەر ڕەوتی کۆبونەوەکە وە هەموو کۆمەڵەکان بەلگەی نوسراوو پەسەندکراو پێشکەش بکەن بەدەستەیەک کە لەناو کۆبوونەوەکە هەڵدەبژێرێت وە دواتر تەنها نوێنەرانی ئەو کۆمەڵەو ڕێخراوانە ببن بە دامەزرێنەرو پێکهێنەری
فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان بەلام بەداخەوە  ئەمە ڕووی نەدا وە زیاتر کۆبونەوەکە لە لەشکر کێشی سیاسی دەچوو  وە  دوای گفت و گۆو مشتومڕ لە نێوان ئامادە بوان لیستێکی زیاتر لە 40 کەسی دروستکرا وە دواتر سەرپەرشتیارانی کۆبوونەوەکە کە هەرهەموویان ئەندامانی کۆمیتەی هاوکاری بوون چەند ناوێکیان دەستنیشانکرد لەم ناوانە  وە من یەکێک بووم لەم کەسانە کە دەست نیشان کران وە هەر لەم کۆبوونەوەیەدا زۆر هەولی دەست لەکار کێشانەوەم دا بەلام لە ژێر فشاری هەندیک لە ئامادە بووان بە بیانووی ئەوەی کە پێویستە من جێگە بگرم بۆ ئەوەی بتوانین زەمینەیەکی باش خۆشبکەین بۆ فدراسیۆنەکی کارا بەلام لە یەکەم کۆبونەوەی  دوای کۆنفراسی دامەزراندن دا بۆم ئاشکرا بوو کە زۆر بەی ئەوکەسانە بەڕێکەوتنی سیاسی لە نێوان هەندێ لە لایەنە سیاسیەکان  دەست نیشانکرابوون وە لە دابەشکردنی ئەرکەکان و شیوەی بەڕیوەچوونی کۆبوونەوەکە بۆم دەرکەوت کە وەک ئەندامیکی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان سەیر دەکرێم وە بە ئاشکراش لە ناو کۆبوونەوەدا 10 کەس  نوێنەرایەتی خۆیان ڕاگەیاند بۆ پارتە سیاسیەکان تەنها لە ناو هەموویاندا یەک کەس سەرۆکی کۆمەڵەیەکی کارا بووخۆی بە  هیچ لایەنی سیاسیەوە نەبەست وە کار گەیشتە ئەمە کە هەڕەشەی  بە گروپی سیاسی  بەجێهێشتنی کۆبوونەوە دەکرا بۆیە من بڕوایەکی تەواوم هەبوو کە من ناتوانم کاری کۆمەلایەتی و جەماوەری لەگەڵ ئەم دەستەیەدا ئەنجام بدەم چونکە تێکهەڵکێشیەکی یەکجار زۆر لە نێوان ئەم کارەو حزبایەتیەکی ڕاشکاوانە هەبوو . وەک هەستکردنێک بەبەرپرسایەتی بەرامبەر بە ئەندامانن و

پەیڕەوو پرۆگرامی کۆمەڵەکەمان بۆیە گەیشتمە ئەم بڕوایەی کە دەست لەکار بکێشمەوە هەر ئەوکاتە دەست لە کار کیشانەوەکەم لە ڕوونکردنەوەیەکی تێروتەسەلدا و هۆکاری دەست لەکەرکێشانەوەکەم ڕاگەیاند و وە ئێستاش هەر لەو بڕوایەم کە بڕیارەکەم لە جێگەی خۆیدا بوو .

زانا گەڵاڵی : لە وەڵامی پێشوو باست کرد کە ناکرێت تێکهەڵکێشیەک لە نێوان کاری ڕیخراوەیی و کاری سیاسی بکرێت بەڵام لە پێکهاتەی کۆمیتەی ئاشتی کوردستاندا ئەمە بەڕوونی بەرچاوو دەکەوێت بۆ؟

**بێکەس بەرواری** :هەریەک لە فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان وە کۆمیتەی هاوکاری کارو ئەرکی جیاواز جیاوازیان هەیە هەرچەندە لە هەندیک خاڵ یەک دەگرن بەڵام لە کۆمیتەی ئاشتی کوردستاندا ئامانج و مەبەستەکان ڕون و ئاشکران کە تەنها کار بۆ ئاشتی و دیالۆگ و لەیەکتر تێگەیشتن دەکات بەهیج شێوەیەک خۆی بەکاری کلتوری یان بە کاری حزبایەتی نابەستێت تەنها کۆبەندیکە بۆ ئەوکەس و لایەنانەی پشتگیری لە ئاشتی و دیالۆگ دەکەن بە بێ ئەوەی بکەونە ناو بازنەی یان رکیفی ڕیکخراوەیی وە ئەمە تەنها کۆبەندیکە بۆ کارێکی هاوبەش کە ئەویش ئاشتی و دیالۆگە نەک بۆ هیچ کارێکی تر بۆیە هیچ کام لەو لایەن و کەسانە مەرج نییە پابەند بن بەو کۆمیتەیە تەنها دەتوانن لەدەوری مەبەستەکە کۆببنەوە نەک ڕێکخراوەکە چونکە تێکهەڵکێشی دروست نابێت وە هەموو کارەکان بەیەکەوە ئەنجام نادەین تەنها کار بۆ ئاشتی و دیالۆگ بەیەکەوە دەکرێت نە کەم نە زیاتر ، وە هەموو ئەوپارتانەی کە لە ئۆسلۆ لەناو کۆمیتەی هاوکاری پاستە سیاسیەکانی کوردستان دان یان لەدەرەوەی کۆمیتەی هاوکاری دان هەموویان بەیەکەوە لەم کۆمیتەیە دان وەک پێشووتریش ئاماژەم پێداوە کە ئێمە تەنها کۆمیتەیەکی فریا کەوتنین بۆ هەڵوێستێکی هاوبەشی ئاشتیانەو کوردستانیانە بەرامبەر هەر ڕوداویک وە بەهیچ شێوەیەک ئەلتەرناتیڤی هیچ ڕێکخراو و کۆمیتەیەکی کوردستانی نین بەڵکوو کۆبەندەکەمان ئەنجامی کارێکی هاوبەشە لە نێوان ئەم هەمووانە .

زانا گەڵاڵی : هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین سوپاس بۆ ئەم کاتەی بۆ ئێمەت تەرخان کرد بۆ ئەم دیمانەیە دوا وتەی بەرێزتان ؟

**بێکەس بەرواری** : هیوادارین کوردستانیان بە شیوەیەکی چالاکانە پشتگیریمان لێبکەن وە بەتایبەت بەشداری لە خۆپێشاندانی ڕۆژی شەممە ڕیکەوتی 3 ی 11 دا بکەن لە ناوەندی ساری ترۆندهایم کاژمێر 12 نیوەڕۆ وە هەروەها بەهیوای پشتگیری ئێوەو هیوای سەرکەوتنتان بۆدەخوازین لە سەرجەم بوارەکاندا وە زۆر سوپاس بۆ ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە .